# گۆرانیەکی (دەشتی خالید) و کوشتنی هۆنراوەیەکی من

حەمەشوان شەریف
11 12 04 سوید
Hamashwan1@hotmail.com

یانزەساڵ لەمەوبەر
دەشتی خالید* بەڕێوبەری تیپی مۆسیقای دەشتی *بوو لەسلێمانی خاوەنی بەرهەمی جۆراوجۆربوون لەو گۆرانیانەی دەشتی کەتۆماری کردبوو لەساڵی 1994-1993 دا گۆرانیەکیان بەخێرا
خۆی خنیەگوێی هەرزەکارەکانی ئەو سەردەمەوە کەناوی گۆرانیەکەی (چاوکاڵ گۆنا ئاڵ –بۆم وەرە دەرکێ لەماڵ ) هت .واتە ئەم گۆرانی بێژە تۆزقاڵێ ئەزمۆنی پەیداکردبوو لەگۆرانی کوردیدا و خۆی پێوەدەتلانەوە ،ئەم بەڕێزە هونەرمەندە ، من سۆراخم بزربوو . گۆرانیەکەی ئەویش لەگەڵ ڕۆژگاردا دەسوڕایەوە ، هەروەک هەموان بۆ ڕەوتی پێشکەوتن ، جانتایی سەفەری لەشان ناو لەئەڵمان گیرسایەوە . ئەم برا بەڕێزە:-
بۆ ئەوەی جارێکیتر ئەسپی خۆی لە تەپوتۆزی هونەری کوردیدا بگلێنێ ، بەگۆرانیەکی نوێوە لە ڕێکەوتی 10,1,204 خۆی دەکاتەوە بەباوەشی کوردسات TVدا و جارێکی تر دەنگ دەڕژێنێتە گوێمانەوە ،
بەڵام زۆر بەداخ و تێکشکانەوە
هۆنراوەیەکی منی وەرگرتوە لەئاهەنگێکدا کە هونەرمەند پەیوەند جاف چڕیویەتی ، تەمەنی ئەم هۆنراوەیی من دەگەڕێتەوە بۆ دەساڵ لەمەو بەر کە هونەرمەند پەیوەند جاف لە ساڵی 1994 دا لە منی وەرگرتوە ،لە پەوەنـــدم پرسی لەڕۆژی 101204 *دا برام ئەم هۆنراوەیەی من بۆ وای بەسەرهاتوە
نوسراوە ئاوازی تۆیەو هۆنراوەی ڕەزا حەمەفەرەج *وتی:من کاک دەشت یم ئاگادار کردۆتەوە کەتێکستی گۆرانیەکە وانیـەو ناوی شاعیرەکەشت بەهەڵە نوسیوە دیارە ئەو لەپشتگوێی خستوە و هەربڵاوی کردۆتەوە حەقی خۆتە بـیێتەمایەی نیگەرانیت و دڵتەنگیت . من ئەم هۆنراوەیەم ئاوا داوەتەدەست پەیوەند . کە ناوی هۆنراوەکە (گەڵای سەر ڕێ)یەو لەدیوانی سێبەری تابووت* دا دەبینرێت .بەڵام هەرچیم کرد تێکستەکەی کاکە دەشتی خالید بنووسمەوە کەچۆن دەیلێت و من چۆنم نوسیوە بۆم بەراورد نەکراو ویژدانم دەیسوڕاندمەوە و ئازار پێوەیـــدەدام .
هۆنراوەکەی من بەم شێوەیە

## (گەڵای سەرڕێ)

ئێوارانم پایزێکی بێ ڕەشەباو بێ جــوڵەیە
هەناسەشم درەختێکی بێ گەڵایەو بێ نوزەیە
دەبێ ئەمڕێ بۆکام ڕێگای سەفەرێکی دوورم بەرێ
کەمن مشتێ خۆریش نەبێ لاشەکەمی پێ تەڕبێ
دەئاخر بۆ وات لێکردم چرایەکی تێکشکاوبم
بە ڕوی خۆرا ئاوابم و بەڕوخسارم پینەکەنم
بە ڕوخسارم وامـەبـینە چلێ داری ئێوارانم
لەدوریتا بەگوڵ ئەگری دارستانی هەردووچاوم
بەڵێ گیانـــە ئێوارانم پڕگریانی غەریـبیە
لە بۆ باڵای ئەویندارێ بۆ ئەوینم ئــەوین نیـە
چۆنەئیتر تەرمەکەشم لاشەیەکی بێ گۆڕنـــیە
چۆنە ئیتر گۆڕەکەشم گەڵەکانی سەرێ نــیە

ئەم بەڕێزە:- نەک سەروکوێلاکی هۆنراوەکەمی خەڵتانی خوێن کردوە بەڵکو ناوی شاعیرەکەشی بەهەڵەنوسیوە لەباتی ناوی من - ناوی شاعیری هەست ناسک و ڕژاو لەوێنە ڕەزا حەمە فەرەج ی نوسیوە و بەئامانەتەوە خواهەڵناگرێ دانانی ئاوازەکەی پەیوەند جافی نوسیوە ،
من داواکاریەکم لەوبرا گۆرانی بــێژانە هەیە
ئەو هۆنراوەی هەڵی دەبشێرن بۆ ئاوازێکی خۆیان دەبێ بزانن هۆنراوەکەی هی چ شاعیرێکە و تاڕادەیەک لەمانای هۆنراوەکە تێبگەن بۆئەی بتوانن چ سیناروێیەکی بۆ هەڵبژێرن و لەمەبەستی هۆنراوەکە بەچاکی بگەن بۆئەوەی بتوانن زاڵبونێک لایان دروست بێت و بوتاوی ببنە هاوکێشەیەکی یەکسان لەگەڵ ناوەی شاعیرەکەدا جـا نازانم کاک دەشتی گۆرانیەکەی ڕادەوەستێنێ یاخود بەم شەلییەوە
گۆرانیەکەی درێژەپێدەدات و بەردەوام ئازاری من دەدات ،خۆزیا وەک وڵاتانی دونیا سانسۆرێک پێکبەهاتایە بۆئەی هیچ گۆرانی بێژێک نەیتوانیایە بەئارەزوی خۆی یاری بەڕستەی هیچ شاعیرێکەوە بکاو زبری بخاتە ناسکی شیعرەکەیەوە، ئەودەمە ئەو گۆرانی بێژە بەڕێزە دەکەوتە داوی دادگای هونەرو گۆرانی کوردی وە هەرلەو دەمەدا دەبوو بەپەند بۆ ئەو برا گۆرانی بێژانانەی سەرقاڵی ئەمبەزمەن و دڵیان بۆ ئەم پەتایە ساریــیە ....
دەبێ هەر من دڵم پاکبێت و داوای بەخشینی لێبکەم !.! .